www.kurdistannet.org
7-9-02 12:21:30

# مۆدیلی کوردی بۆ دیموکراسی

بەڕێز باساکی

" تۆ بۆت هەیە ڕەخنە بگریت کەس ناڵێت نا ...ئەوە مافی خۆتە، منیش مافی خۆمە لە زیندانت توندبکەم "

عادل ئیمام لەسەر زاری سەرۆکەوە لە فیلمی (المنسی)دا  چونکە دیموکراسی پێناسەیەکی دیاریکراوی نیە، لە بواری پراکتیکدا چەندین ستایلی جیاوازی بەرهەمهێناوە لە سەروی هەموشیانەوە لەم سەردەمەدا باس لە ستایلی ئەمریکی دەکرێ، وەنەبێ میللەتانی دیش دیدو تێگەیشتنی خۆیان نەبێت بۆ ئەم چەمکە، ئەمەش وایکردوە چەندین مۆدیلی دیموکراسی لەم جیهانەدا پیادە بکرێ. ئەگەرچی میللەتی کورد ماوەیەکی کەمە بوارێکی بۆ ڕەخساوە کە لە سایەیدا بتوانێ دیدی خۆی هەبێت لەسەر ئەم چەمکە بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کە زۆرینەی پارتەکانی باشوری کوردستان بڕوایەکی لە بن نەهاتویان بە دیموکراسی هەیە ئەمەش وایکردوە مۆدیلی کوردی لە دیموکراسیدا دروست ببێت.

بە بڕوای من سەرانی هەردوو پارتە سیاسیە گەورەکەی کوردستان ڕەوتی ئەم کۆمەڵگایەی ئەمڕۆی ئێمە دیاری ئەکەن، چونکە وەك چۆن بڕیارە سیاسیە گرنگەکان لە دەسەڵاتی ئەواندایە و تەنها ئەوان بڕیاری شەڕکردن و ئاشتی لەلایەك و لە لایەکی دی پەیوەندی لایەنەکان وڵاتە ئیقلیمیەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا دیاری ئەکەن، ئاوهاش ڕەوتی فیکری و ڕۆشنبیری بەو شێوازە ئەڕوات کە ئەوان پێش وەخت بڕیاریان لەسەرداوە، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر تەفسیری ئەو بارە ئەکات کە ئەوان بۆچی هێندە لە هەوڵی بە پەراوێزکردنی ئەو بیرو هزرو قەڵەمانەدان کە لە دەرەوەی سنوری حیزبدا کار ئەکەن.ئیدی لێرەوە هەمو ڕەخنەیەك کە لە ڕۆشنبیرێکی ئازاد یان ڕۆژنامەیەکی ئازاد یان هەر کەناڵێکی ئیعلامی ئازاد (ئەگەرچی قسەم لە سەر خودی ئەو ئازادیانەش هەیە)دەردەچێت مایەی نیگەرانیەکی گەورەیە، هیچ پێم سەیر نیە کە دەبینم سەرۆکی حیزبێك بە ڕویەکی خۆشەوە پێشوازی ڕوناکبیرێك ئەکات و دەستخۆشی لێئەکات و لە هەمان کاتدا بە ڕۆژنامەی حیزب ڕادەگەیەنێت (هیچی بۆ دامەبەزێنن)چونکە دەستخۆشیەکەی ئەو بۆ ئەو ڕەخنانەیە کە خودی خۆی ناگرێتەوە دەنا زۆر مەبەستی نیە گەر حیزبەکەشی یان کەسانێ لە حیزبەکەشی بگرێتەوە !!

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئەو کەسانە بکەین کە لە گرنگیدا لە دوای سەرۆك و سکرتێر دێن لە ناو حیزبدا دەبینین هەمان هیستریایان هەیە بەرامبەر ڕەخنە، لە ڕاستیدا من چاوەڕوانی ئەوەش ناکەم بۆ میللەتێکی هەمیشە ژێر دەستی وەکو ئێمەش زۆر بە ئاسانی قبوڵی جیاوازیەکان بکەین، چ جای قبولی ڕەخنە و تۆمەتیش –کە لە زۆر شوێنی دنیادا دەبینین چۆن بەرپرسی گەورەی حکومەت بانگ دەکرێتە دادگا و تۆمەتبار دەکرێ بە چەندین تاوان کە مەرج نیە هەموی ڕاست بن ! – بە ڕاستی من چاوەڕوانی ئەوە نیم وئەوەندەش گەش بین نیم پێم وابێت کە لەداهاتویەکی نزیکدا گۆڕانکاری جەوهەری لە هزری سیاسی کوردیدا ڕووئەدات بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم نوسینەمە ئەوەیە کە دوای پتر لە دەساڵ لە حوکمکردنی کورد لەم بەشەی کوردستاندا دەبێت ئیتر ئێمەش بگۆڕێین خۆ ناکرێ هەر قەوانی کەم ئەزمونی وساوایەتی حکومەتەکەمان لێبدەینەوە، یان بۆ دەربازبون خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆریەکاندا.

لەم سۆنگەیەوە من لای خۆمەوە بڕیارمداوە هەرچ دیاردەیەك بە ناشرین ببینم و هەستبکەم ڕۆڵی هەیە لە لەکەدارکردنی میللەتەکەمدا – ئەوەندەی بۆم بکرێت – بیخەمە ڕوو، گەرچی دەشزانم ئاوهاهەڵوێستێك بە گوڵ پێشوازی ناکرێت.

لێرەدا حەزئەکەم بە نمونە هەڵوێستی کادرو سەرکردەیەکی ینك بخەمە ڕوو بەرامبەر تۆمەتی کەسێك کە لەڕێگەی ڕۆژنامەیەکی (ئازادەوە)خستویەتە پاڵی و ئەمەش تەنها مشتێکە لە خەروار.

www.kurdistannet.org
7-9-02 12:21:30

هەیاسی شێخ عومەر ناوێك لە ژمارە ٢٧ ی ڕۆژنامەی (هەواڵ)دا گازندەیەکی لە حاکم قادر حەمە جان – سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و ئەندامی س.ینك – کردوە کە گوایە دەسەلاَتی خۆی بەکارهێناوە لە بەخشینی زەویەکی شارەوانی ژێر بە ژێر بۆ کەسێکی نزیکی خۆی، نامەوێ بچمە ناو مەسەلەی ڕاستی و دروستی ئەو هەواڵە و بگرە بۆ ئەوەی مێشکی خۆم ئیسراحەت پێ بکەم وامدانەوە _ بە گریمانە _ کە تۆمەتێکی هەڵبەستراوە، لێرەدا مافی داکۆکی ئەدەم بەو سەرکردە بەڕێزە، بەلاَم دەپرسم ئایا دەشێت چیکلدانەی سەرکردەیەك ئەوەندە بچوك بێت کە سڵ نەکاتەوە لە تۆمەتبارکردنی ئەو هاولاَتیە وخێرا بە بەکرێگیراو و جاشی بداتە قەڵەم و وەلاَمی هەڕەشە ئامێز بۆ خۆی و ئەو ڕۆژنامەیەش بنێرێ کە گازندەکەی بلاَوکردۆتەوە.من وای بە باش ئەزانم چەند برگەیەکی هەڵبژاردە لە وەلاَمەکەی حاکم وەك خۆی بخەمە بەر چاوتان..

* * * *

دوو کلۆ شەکری شکاو بۆ (هەیاسی شێخ عومەری)بەکرێگیراو.(ناونیشانی وەلاَمەکەیە !!)

... لە لاپەڕە٣ی ژمارە ٢٧ی ڕۆژنامەی هەواڵ دا بەکرێگیراوێك لە ژێر ناوی هەیاسی شێخ عومەردا ....شەکرێکی شکاندووە ....

دەبێت ڕۆژنامەی هەواڵ و ئەو خاوەن قەڵەمە نوك شکاوانەی دوورن لە ئەخلاق و عورفی ڕۆژنامەنوسیەوە بابەتی کاڵ و کرچ و بێ بەڵگەی لەو جۆرە بلاَو دەکەنەوە باش بزانن کە ئێمە لە سەنگەری خەبات و پێشمەرگایەتی میللەتەوە هاتوین و بە پێچەوانەشەوە (هەیاس)و دەستەو تاقمەکەی هەمیشە لە سەنگەری خیانەت و جاسوسی و جاشایەتیدا، بێگومان هەر ئەو هەیاس و دەستەو تاقمەی بون لەسەردەمی پێش ڕاپەڕیندا کەسوکاری (منی)پێشمەرگەو دەیان پێشمەرگەو ڕۆڵەی تێکۆشەری ئەم گەلەیان ڕاپێچی زیندانە تاریکەکانی دوژمنانی گەلەکەمان کرد.

ئەوەی هەیاسی هەرزەوەکیل لە بوختاننامەکەیدا بلاَویکردۆتەوە هەمو ئەوانە دەچنە سەنگەری سیخوڕی و دژایەتیکردنی پێشکەوتن و کۆسپ و تەگەرە نانەوە لەبەردەم کارەکاندا...

بە داخەوە ئەوانەی بوختاننامەی وا دەنوسن و ئەوانەشی بلاَوی دەکەنەوە بە ناوی ئازادی نوسین و ڕۆژنامەنوسیەوە دەبێ بزانن کە ڕاستەوخۆ بەم کارانەیان دژایەتی یاسا و مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی خەڵکی ترو بەرپرسان دەکەن و بەناڕەوا سەنگەر لە کارو خزمەتەکانمان دەگرن.

* * * *

ئەمە بەشێکە لە وەلاَمە هەڕەشە ئامێزەکەی بەڕێز ئەنجومەنی شارەوانی، کە بە ئاشکرا تۆمەتی جاسوسی و جاش و خۆفرۆشی و بەکرێگیراوی و بەگرتدانی کەسوکاری پێشمەرگە و دژایەتیکردنی پێشکەوتن و کۆسپ و تەگەرە نانەوە لەبەردەم کارەکاندا دەداتە پاڵ ئەم کەسە و دژایەتیکردنی یاسا و مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی خەڵکی ترو بەرپرسانیش ئەداتە پاڵ – ئەوانەی بلاَوی دەکەنەوە –.

هەرچ کەس لە کوردستان بژی باش دەزانێت کە نەك ئەم هەمو تۆمەتە بەڵکو نیوەی بەسە بۆ داخستنی ڕۆژنامەکەو قورگرتنەوە بۆ ئەو کەسەش کە یەکێك لەم تۆمەتانەی بەسەردا ساغدەبێتەوە، کە بە بڕوای من سەلماندنی لە لایەن بەرپرسێکی گەورەی حیزبی دەسەلاَتدارەوە لەێی ئاسانتر نیە.

پاشان ئەگەر هەرکەسێك تەنها لەبەر ڕەخنەیەك ئابەو شێوەیە بخرێتە قەفەسی تۆمەتباریەوە و هەڕەشەی لێبکرێت، کێ دەوێرێت ڕەخنە بگرێت ؟، بۆ دەبێت ڕەخنەی خەڵك نابەجێ و دژایەتیکردنی حکومەت بێت، ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە زەمەنی دیکتاتۆریەت تا هەتایە بە نەفرەت بکەین، یان ڕەنگە ئەمە ستایلی کوردی بێت لە پیادەکردنی دیموکراسی.

لە ژمارە ٢٨٤٧ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا و سەبارەت بە هەمان کێشە حاکم قادر بابەتێکی نوسیوە و تیایدا ئاماژە بەوە ئەکات کە کاك کۆسرەت ڕەسوڵ (سەرۆکی پێشوی حکومەتی هەرێم)لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی شارەوانی دا بۆ داکۆکیکردن



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
7-9-02 12:21:30

لەو تۆمەتانەی خراوەتە پاڵ سەرۆکی شارەوانی پاش دەستخۆشی لە کارو خزمەتگوزاریەکانیان وتویەتی : " دیموکراسی تاکە دروشم وتێزی مۆدێرنە کە ئەوەندەی بەها زۆروزەوەندەکەی دوژمنی هەیە ”، دیارە مەبەستی کاك کۆسرەت لە دوژمنانی دیموکراسی ئەو خەڵکە بێ ئەمەکەیە کە رەخنە ئاڕاستەی حکومەت و حیزب و سەرکردەکانی ئەکات دەنا ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە رەخنەگران دەکرێت لە لایەن دەسەلآتەوەنەك بە لادان لە دیموکراسیەت بەڵکە بە بەشێك لە پیادەکردنی مۆدیلی کوردی بۆ دیموکراسی ئەژمارئەکات.

بۆیە من داوای لێبوردن لە کاك کۆسرەت دەکەم و ئەڵێم ئەوە دوژمنانی دیموکراسی نین کە بەو زۆرو زەوەندیە لە ناوماندان بەڵکو دوژمنانی (مۆدیلی کوردین)لە دیموکراسیەت.

www.kurdistannet.org